Research Center

15-07-2021

# له سلێمانی چی دەگوزەرێت؟

15-07-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورته :** بڕیاری لەناکاوی گۆڕانکاری لە دوو پۆستی ئەمنیی لە سلێمانی و، دواتریش ڕووداوەکانی تایبەت بە پرسی گەڕاندنەوەی موڵك و ماڵی یەکێتی کە لانیکەم باسی چەندین کۆمپانیا لە ئارادایە، لەگەڵ هەڵکوتانە سەر نوسینگەی تەلەفزیۆنی ئای پلەس، قەڵشی ناکۆکییەکانی بافڵ تاڵەبانیی لەگەڵ لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکەکەیتری یەکێتی گەورەتر کرد کە پێشتریش بەشێکیان زانراوبوون. تاڵەبانی بە یاوەری قوباد تاڵەبانیی برای، جۆرێك لە پاساوی چاکسازیخوازانە بۆ بڕیارەکانی ئێستا دەهێنێتەوە.

|زریان رۆژهەڵاتی

**بەرایی**

بڕیاری لەناکاوی گۆڕانکاری لە دوو پۆستی ئەمنیی لە سلێمانی و، دواتریش ڕووداوەکانی تایبەت بە پرسی گەڕاندنەوەی موڵك و ماڵی یەکێتی کە لانیکەم باسی چەندین کۆمپانیا لە ئارادایە، لەگەڵ هەڵکوتانە سەر نوسینگەی تەلەفزیۆنی ئای پلەس، قەڵشی ناکۆکییەکانی بافڵ تاڵەبانیی لەگەڵ لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکەکەیتری یەکێتی گەورەتر کرد کە پێشتریش بەشێکیان زانراوبوون. تاڵەبانی بە یاوەری قوباد تاڵەبانیی برای، جۆرێك لە پاساوی چاکسازیخوازانە بۆ بڕیارەکانی ئێستا دەهێنێتەوە. بۆ نموونە باس لە "گۆڕانکاریی کۆنکریتی، ڕێگرتن لە گەندەڵی و قاچاچێتی لە سنوورەکان، ئازادکردنی بازاڕ لە دستوەردانی کۆمپانیای پاوانکار و گەڕاندنەوەی موڵك و ماڵی یەکێتی" دەکەن. لایەنی بەرامبەریش ئەمە زیاتر وەك گەلەکۆمەیەکی ناوخۆیی و ناوچەیی لێکدەداتەوە و بە "کودەتایەکی سپی" ناوی بردووە.

گەلۆ چی ڕوودەدات؟ ئایا ئەوەی ڕوودەدات ململانێیەکی نێوخۆییە لەسەر دەسەڵات یان بابەتێکی سیاسییە و هێزی دەرەکی دیکەش تێیدا بەشدارن؟

**کێ لە کوێی ڕووداوەکانی سلێمانیدایە؟**

ئەوەی لە ڕواڵەتدا دیارە ئەوەیە کە بافڵ تاڵەبانی- قوباد تاڵەبانی لانیکەم بە پاڵپشتیی بەشێك لە سەرکردە کۆنەکانی یەکێتی کە لەنێو هێزە ئەمنییەکاندا دەست و پێگەیەکیان هەیە، توانیویانە بەشێك لەو گۆڕانکارییانە سەربخەن کە ویستوویانە. لێرەدا لە دەستنیشانکردنی شوێنگرەوەکانی بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەکانیشدا، زیاتر لە کەسانی خزمی خۆیان، کەسانێکیان لە ناوچەکانی دەورووبەری سلێمانی، لە هەڵەبجە- پشدەر داوەتە پێش کە لەوانەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ئەو ئیئتیلافە نێوخۆییە بێت کە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان پشتی پێ دەبەستن، یان لانیکەم لەوانەیە بۆ ئەوە بێت کە بیانەوێ دیمەنێکی جیاوازتر لە دۆخی پێشوو نیشانبدەن. هەروەها برەو بە هەبوونی جۆرێك لە گوتاری چاکسازیخوازی لە پشت ئەو بڕیارانەوە دەدەن.

لاهور شێخ جەنگیش لە یەکەم کاردانەوەیدا بەرامبەر بە ڕووداوەکان، ئەوەی بە گەلەکۆمەیەکی نێوخۆیی- ئیقلیمی وعوسمانی زانیوە و چوار نموونەی مێژوویشی هێناوەتەوە کە سێیان ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی پارتی و دانەیەکیشیانی کە ئاڵای شۆڕشە، وەك ئاماژەیەك بە ململانێیەکی نێوخۆیی باسکردووە.

ئەگەر دەستەواژەی عوسمانی بۆ ئاماژەدان بە تورکیا بێت، تا ئێستا کەم نموونەی ئەوە زانراوە کە تورکیا ڕاستەوخۆ دەستوەردانی لە ململانێیەکی نێوخۆیی حزبێکی کورددیدا کردبێت و ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت، ئەمە دەتوانێت سەرەتای قۆناخێکی تازە بێت. بەگژدادانی حزبە کوردییەکان قازانجی بۆ تورکیا هەبووە بەڵام، دەستوەردان یان تەنانەت هەوڵدان بۆ ناوبژیوانیکردن لە پرسێکی نێوخۆیی حزبێکی کورددیدا شتێکی نامۆیە بۆ سیاسەتی تورکی. هەڵبەت ئەمە لای ئێرانییەکان زیاترباوە، وەك چۆن چەندینجار بە گوتەی خۆیان، لە ململانێ نیوخۆییەکانی یەکێتیدا ڕۆڵیان هەبووە و لە 2016شدا لە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال، لە کاتی تەقینەوەی کێشەکانی نێوان بەرهەم ساڵح- کۆسرەت ڕەسووڵ لەگەڵ هێرۆخان دا ئەو کارەیان کردبوو.[1]

بەشێك لە میدیاکانی ئێران دوای نزیکەی هەفتەیەك بێدەنگی، لەمڕۆوە دەستیان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بەو ڕووداوانە کردووە کە زیاترهەوڵیان داوە بەشێوەیەك هاوسەنگییەك لەنیوان هەردوو هاوسەرۆکدا بپارێزن. ئاژانسی هەواڵی ئیرنا کە هی دەوڵەتە، ڕووداوەکانی وەك "ململانێی دو ئامۆزای سیاسی" ناوبردووە.[2] هەڵبەت ئاژانسی هەواڵی فارس کە کەمتر ڕەسمییە و بە نزیك لە سوپا هەژمار دەکرێت، بە ناونیشانی "پشتی پەردەی قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێو یەکێتی" ویستوویەتی ئاماژەیەك بە ڕۆڵی پارتی لەو ڕووداوانە بدات هەرچەند زۆر لە سەری نەڕۆیشتووە. وەك ئیرناش هەروای کردووە. هەڵبەت ئاژانسی فارس بە ناونیشانە لاوەکییەکانی وەك:"پێنج شەممەیەك کە بە خێر گوزەرا، سەرکەوتنی بافڵ لە گۆڕانکاریی گرنگی پۆستەکانی سلێمانی، پشتیوانی زۆرینەی سەرکردەکانی یەکیتی لە بافڵ تاڵەبانی و شکستی سیستەمی هاوسەرۆکی بۆ یەکێتی" لەو بابەتەدا بەخشکەیی بەلای بافل تاڵەبانیدا دایشکاندووە.[3]

ئەگەری پاڵپشتیی ئێران لە گۆڕانکاری لە دامەزراوە ئەمنییەکان لە سلێمانی بەهۆی دەنگۆکانی بەشداری دەزگای دژەتیرۆر لە کوژرانی

قاسم سلێمانی لە بەغدا، یەکێك لەو مژارانە بوو کە لە ڕۆژانی ڕابردوو پرسیارم لەسەر کردووە و سەرنجی ڕاکێشاوم، ئەمڕۆش بینم کە ئەمبەرین زەمانیش لە ئەلمۆنیتەر ئاماژەیەکی پێداوە. ڕاستییەکەی هەرچەندە بەرپرسانی دژە تیرۆر- یەکێتی هەواڵەکەی یاهوونیوزیان ڕەتکردبووەوە، بەڵام ئەو بابەتە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیی هێنابووە دەنگ و سەعید خەتیب زادە گوتبووی هەوڵدەدەین بزانین ئەو زانیارییانە ڕاستن یان نا! بۆیە هەچەندە بەڵگەیەکی بەهێزنییە بسەلمێنێت کە پەیوەندییەك لە نێوان ئەو ڕووداوانەی ئێستای سلێمانی و هەواڵەکەی یاهوونیوز دا هەبێت، هیچ نەبێ شایانی ئەوەیە لە شوێنێکدا یادداشتی بکەین.

هەندێك لە شرۆڤەکاران ڕووداوەکانی ئێستای ناو یەکێتی وەك ئیمتیازێکی ئێران بۆ پارتی سەیردەکەن و هەوڵدەدەن ئەوانە بە سەردانی وەفدێکی پارتی بۆ ئێران ببەستنەوە. ڕاستییەکەی ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق و ڕووداوەکانی ئەفغانستان، هاوپەیمانەکانی ئەمریکای هەر لە مستەفا کازمییەوە بگرە هەتا پارتی تووشی دڵەڕاوکێیەك کردووە. تەنانەت بە پێی زانیارییەکان تا ماوەیەك بەرلە ئێستاش سەدرییەکانیش کە پێداگرییەکی زۆریان لەسەر هەڵبژاردن کردووە، "ماوەیەکە باس لەوە دەکەن کە ئەگەر دواخستنی هەڵبژاردن بڕیاری گشت لایەك بێت، ئەوانیش کێشەیان نییە." بۆیە دەشێ لە قۆناخی داهاتوودا چاوەڕوانیی سیگناڵی زیاتری نزیکبوونەوەی هێزە جیاوازەکانی عێراق لە ئێران بین ئەگەر ئەمریکا ڕێ لەو دڵەڕواکییەی هێزەکان جیاوازەکان لە عێراق نەگرێت. گەلێك مژار لە بەینی پارتی و ئێراندا هەن کە دەشێ جێگەی باس و دانووستاندن بن، بەڵام دوانیان زیاتر لە هەمووان گرنگترن: ئەوانیش هێرشی درۆن و موشەکی میلیشیاکان و ئەگەری هاوپەیمانیی سەدر- پارتی بوون کە بە دوایین لێدوانی سەدر لەسەر بایکۆتکردنی هەڵبژاردن، تەمومژاویتر بوو.

ئێرانییەکان وەك فاکتەرێکی یاریگۆڕ لە هاوسەنگیی نێوخۆیی شیعیدا تەماشای ئەگەری هاویەیمانیی سەدر- پارتی یان دەکرد و هەندێکیان لە میدیاکانیان ئەوەیان وەك "خەوی شێواوی سەدر و بارزانی بۆ عێراق"[4] ناوبردبوو. ئەگەر ئەوە سەری بگرتایە، دۆخی هێزە شیعییە پرۆئێرانییەکان باش نەدەبوو. یەکێتییەکی دژە پارتیش کە لاهور شێخ جەنگی بە پێشەنگی هەژمار دەکرێت، بۆ ئەو قۆناخە پێویستە کە هاوپەیمانییەکەی سەدر و پارتی سەربگرێت کە وادیارە جارێ تەواو ڕوون نییە. بێجگە لەوە، ئێستا کە پارتی خۆی ڕووی لە بەغدا کردووە، دیمەنێکی هاوشێوەی سەردەمی ڕیککەوتننامەی ساڵی 1970ش هاتوەتە ئاراوە کە تێیدا بەغداش وەك جاران پێویستی بە گوتاری دژە پارتی نەماوە. خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە بافڵ تاڵەبانی لەدوای دیدارەکەی لەگەڵ حەیدەرعەبادی سەرۆکی هاوپەیمانیی نەسر باسی لەوە کردووە کە ئەوان دەیانەوێت نێوماڵی کوردی یەکبخەن و، بۆ ئەوەش پێویستیان بە پاڵپشتی برا هاوڕێکانیان لە هێزە شیعی و سوننەکان دەبێت. تا ئێستاش کاردانەویەکی جیدی لەسەر ڕووداوەکانی سلێمانی لەلایەن ئەو هێزە شیعییانەشەوە نەهاتووە کە بە نزیك لە یەکێتی هەژمار دەکرێن!

ڕەنگە پرسی یەکخستنەوەی پێشمەرگە بۆ ئەمریکییەکان گرنگ بێت بۆئەوەی هێزێکی شەڕکەری ئامادەی پیادە لە هەرێمی کوردستان هەبێت، تا ئەگەر خۆیشی کشایەوە، حیسابی لەسەر بکات و ئەمە ئەو خاڵە بێت کە وابکات هەر گۆڕانکارییەك کە ببێتە هۆی نزیکبوونەوەی یەکێتی و پارتی بۆ ئەو پرسە، بە دڵی ئەوانیش بێت، بەڵام هیچ پێدراوێکی بەهێزنییە کە بیسەلمێنیت ئەو ڕووادانەی ئێستای سلێمانی کە زیاتر سرووشتێکی مەحەلییان پێوە دیارە، پەنجەمۆری ئەمریکای لەسەر بێت.

لە نێو هێزە کوردییەکاندا ئەو ڕووداوانەی سلێمانی دژی بەرژەوەندییەکانی پەکەکە و گۆڕانە بەڵام، ڕەنگە سوودی بۆ پارتی هەبێت. هەڵبەت ئەو بابەتەی کە لەوانەیە ڕووداوەکانی ناو یەکێتی دەستی پارتییان تێدا بێت، بابەتێکی جێی پرسیارە و لەوانەیە زیادەڕۆیی لە هێز و نفووزی پارتیشی تێدا بێت. ئەگەر پارتی ئەوەندە نفوزی لەسەر یەکێتی هەبێت کە بتوانێت جووڵە بە هیزەکانی ژێردەستی ئەو حیزبە بکات، دەیتوانی لە 2016 و سەروبەندی گشتپرسی و کاتەکانی دیکەش ئەو کارە بکات کە ناکۆکیی زۆر قووڵتریش لە ئارادا بوون.

**دینامیزمی نێوخۆیی**

ڕاستییەك هەیە کە ئاستی گەشە کردنی سیاسی لە کوردستان بە جۆرێك نییە کە بەشکردنی دەسەڵاتی نێوخۆیی بگرێتەوە. زۆربوونی دابەشبوونەکانی نیو حیزبە کوردییەکان بە درێژایی مێژوو، باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی کە نوخبەی سیاسی کوردی هێشتا نەگەیشتونەتە ئاستێك کە بەڕێی بەشکردنی دەسەڵاتەوە لە ناوخۆ حیزب- حکومەت بە ئاسانی پێکەوە هەڵبکەن. هەر ئەمەش وادەکات کە هەرجارێ کێشەکانی پارتی و یەکێتی قووڵتر دەبن، یەکسەر باسی سنووری دیگەڵە دێتەوە گۆڕێ. هەر ئەوەش وای کردووە دابڕانەکانی نێو حیزبە کوردییەکان زیاتر و خێراتر بن. تەنانەت ئەو کاتانەش کە وەك بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی کاریان کردووە شەڕی دژی دەوڵەتیش نەیتوانیوە ڕێ لە تەقینەوەی ئەو ناکۆکیانە بگرێت. لە ساڵی 1945 بە دواوە تا ئێستا لە نێو 7 حیزبی گرنگی کوردیدا، لانیکەم 13 دابەشبوون ڕوویداوە کە تەقریبەن هۆکاری هەموویان  پرسی سەرۆکایەتی و ڕێکنەکەوتنی نوخبەکان لە ئیدارەی حیزب بووە. ئیستاش تەقریبەن لە نیو هەموو حیزبەکاندا مکللملانێیەکی ئاشکرا و شاراوەی دەسەڵات لە ئارادایە. کێشەکە لەوەیە کە هەموو کەس حەز دەکات سەرۆك بێت و کاتێ حەزەش نەیەتە دی لە جیاتی دانانی ڕێسایەکی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، یان قبوڵکردنی ڕێسا و یاساکانی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، یەکسەر حیزبی خۆی جیا دەکاتەوە.

له حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران له 1945وه تا 2006، لانیکەم دو دابڕانی گرنگ، له نیو پارتی له 1946- 1979 لانیکەم دوان، له نێو یەکێتی له1976-2009 سیان، له حسك له 1979 تا 1985 دانەیەك، له بزوتنەوەی ئیسلامی له1984- 2001 سیان له نێو کۆمەڵە له 2008 لانیکەم دانەیەك و له نێو پەکەکەش له 1978وه تا 2004 لانیکەم گرووپەکەی د. سلێمان و دواتریش عوسمان- ئۆجالان- نیزامەدین تاش جیابونەتەوە. له نیو هەموو جیابوونەوەکانیشدا پرسی سەرۆکایەتی و ئیدارەکردنی حیزب بابەتێکی گرنگ و جێی مشتومڕ بوون هەرچەند هەندێکیشان پرسی ئایدۆلۆژیا و ڕێبازی سیاسیشیان لەگەڵ بووە.

دەرکەوتنی ناکۆکیش له نێو یەکێتی بەهۆی سیستەمی هاوسەرۆکی و ئیدارەیەکی دوسەر و، پەراوێزخستنی سەرکردەکانی کۆنی ئەو حیزبە بابەتێکی چاوەڕانکرابوو. بە ئەگەری زۆر ئەو ناکۆکییانە ئەگەر چارەسەریش بکرێن، درێژەیان دەبێت و دواجاریش یان بە دابڕانی چوارەم له نێو یەکێتی کۆتایی دێت یان ناوە بەناوە سەرهەڵدەداتەوە، چونکە هێز و خواستی هەردوولا له ئاستێکدا نین کە بە ئاسانی بسرێنەوە.

[1] _ https://www.bbc.com/persian/iran/2016/09/160906_l10_bakhtyar_puk_iran

[2] - https://www.irna.ir/news/84402427/%D8%B3%D9%84%DB%8C%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%8C%D9%87-%D8%B5%D8%AD%D9%86%D9%87-%D8%A7%D8%AE%D8%AA%D9%84%D8%A7%D9%81%D8%A7%D8%AA-%D9%BE%D8%B3%D8%B1%D8%B9%D9%85%D9%88%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%DB%8C

[3] https://www.farsnews.ir/news/14000423000646/%D9%BE%D8%B4%D8%AA-%D9%BE%D8%B1%D8%AF%D9%87-%D8%AA%D8%B4%D8%AF%DB%8C%D8%AF-%D8%A7%D8%AE%D8%AA%D9%84%D8%A7%D9%81%D8%A7%D8%AA-%D8%AF%D8%B1-%D8%AD%D8%B2%D8%A8-%D8%A7%D8%AA%D8%AD%D8%A7%D8%AF%DB%8C%D9%87-%D9%85%DB%8C%D9%87%D9%86%DB%8C-%DA%A9%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82

[4] _ http://irdiplomacy.ir/fa/news/2003646/%D8%AE%D9%88%D8%A7%D8%A8-%D8%A2%D8%B4%D9%81%D8%AA%D9%87-%D8%A8%D8%A7%D8%B1%D8%B2%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%88-%D8%B5%D8%AF%D8%B1-%D8%AA%D8%B9%D8%A8%DB%8C%D8%B1-%D8%AE%D9%88%D8%A7%D9%87%D8%AF-%D8%B4%D8%AF